# کورتەیەکی ژیاننامەی م. عەلائەدین سەجادی

جووتیار تۆفیق هەورامی
(سوید)

عەلائەدین سەجادی(*) نووسەرێکی ناسراوی کورد، ڕۆژنامەگەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ بوو، دەیان کتێبی سەنگین و بە نرخی دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی کورد و کوردستان نووسیوە، کە هەر یەکەیان شوێنێکی گرنگی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردووەتەوە، هەروەها چەندان وتار و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردووەتەوە کە تێیاندا لە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد و مێژووی کورد و کوردستانی کۆڵیوەتەوە.

لەو کتێب و وتار و بابەتانەدا کە نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، لە هیچ کامیاندا ژیاننامەی خۆی نەنووسیوە، بەدەگمەنیش باسێک، یان زانیارییەکی نووسیوە کە پێوەندی بە ژیان و ڕابووردووی خۆی و بنەماڵەکەیانەوە هەبووبێت.

ئەوانەی کە لە نزیکەوە (عەلائەدین سەجادی)یان ناسیوە، هەروەها ئەوانەی کە شارەزاییان دەربارەی نووسین و بەرهەمەکانی هەیە و هێڵە گشتییەکانی ژیاننامەکەی دەزانن، تاڕادەیەک دەزانن بۆچی تا لە ژیاندا بوو، ژیاننامەی خۆی نەنووسی و بڵاونەکردەوە، بەڵام هاوکات هەندێک لایەنی دیکەش هەن کە پێوەندییان بە کەسێتی و بیروباوەڕی عەلائەدین سەجادی خۆیەوە هەبووە و پەیبردن بەو ڕازەش وا ئاسان نییە و لێکدانەوە و وردبوونەوەی دەوێت.

ئێوارەی ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٨٤ عەلائەدین سەجادی لە ماڵی خۆی، لە بەغدا، کۆچی دوایی کرد، ڕۆژانی دواتر هەواڵی مەرگی لە ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوبووەوە، پاشتریش لە چەند وتار و بابەتی جۆراوجۆردا باس لە هەندێک لایەنی ژیانی کرا.

ڕۆژی ١٤/٢/١٩٨٥ لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، کۆڕی چلەی بۆ سازکرا و دۆستان و ئاشنایانی و گەلێک نووسەری کورد و عەرەب بەشدارییان تێدا کرد. لەو کۆڕەدا وتار، شیعر، یادەوەری و کورتەیەکی ژیاننامەکەی خوێنرایەوە. پاش نزیکی ساڵێک بەسەر کۆچی دواییدا، دلێر عەلائەدین سەجادی، بە هاوکاریی محەممەدی مەلا کەریم بەشی زۆری ئەو وتار و بابەتانەی کە لە کۆڕی چلەی عەلائەدین سەجادیدا خوێندرابوونەوە، لەگەڵ چەند وتارێکی دیکەدا کۆکردەوە، بەنیازی ئەوەی کە لە دووتوێی کتێبێکدا و بەناوی «یادی سجادی» بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دواییدا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام چاپی کتێبەکە دواکەوت، تا لە ١٩٨٧دا چاپ کرا و بڵاوکرایەوە.(١)

لە کتێبی «یادی سجادی»دا، لاپەڕە پێنج، کورتەیەکی



عەلائەدین سەجادی

ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نووسراوە، کە بەپێی ئاگاداری من، محەمەدی مەلا کەریم نووسیویەتی. لە هەندێک لە وتار و بابەتەکانی دیکەی نێو کتێبەکەدا، باس لە چەند لایەنێکی ژیانی عەلائەدین سەجادی کراوە. لەوساوە تا ئێستا، ئەوەی کە لەو کتێبەدا سەبارەت بە ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نووسراوە، بە هەڵە و کەموکوورییەکانیشەوە، بە کەمێک لێ زیادکردن و کەم کردنەوەوە، لە دەیان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتدا دووبارە کراوەتەوە. تا ئەم ساتە کە من ئەم دێڕانە دەنووسم [١١/١٠/٢٠١٨] لە هیچ کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا ژیاننامەیەکی ڕێکوپێک و فراوانی عەلائەدین سەجادی کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی لەخۆ گرتبێت، نەکەوتووەتە بەرچاوم، ئەوجا ئایا نووسراوە و منێک کە زۆر بە دوای نووسینێکی لەو جۆرەدا وێڵم، نەکەوتبێتە بەرچاوم و لێی بێ ئاگابم! خۆ من جیا لە گەڕان و بەدواداچوونی خۆم، بەردەوامیش لە ڕێگای نامە و ئیمێل و تەلەفۆنەوە لەگەڵ دۆستان، سەبارەت بە نووسین و بابەتی لەو جۆرە، یەکتر ئاگادار دەکەین، بەڵام تا ئەم ساتە ژیاننامەیەکی لەو جۆرەم نەدیوە و نەخوێندووەتەوە.

بۆ ساغکردنەوەی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی، سەرەتا ئەو لایەنانەی ژیاننامەکەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر نووسراون و لێکدراونەتەوە، وەک چەند کێشەیەک دەخەمە بەرچاو و بەپێی ئەو فاکت و بەڵگانەی کە پەییان پێ دەبەم، ساغیان دەکەمەوە، بۆ ئەوەی چیدیکە ژیاننامەکەی بەو تێکەڵوپێکەڵییە و بەو هەڵانەوە نەنووسرێتەوە.

## کێشەکان

### یەکەم: کێشەی نووسینی ناوەکەی

لەو کتێب و وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە ناوی عەلائەدین سەجادییان تێدا هاتووە، ناوەکەی بە چەندان شێوە نووسراوە، وەک: علاءالدين سجادى، عەلائەدین سەجادی، عەلائەدین سەجادی، عەلائەدین سجادی، عەلادین سوجادی، عەلادین سەججادی، عەلائەدین سەجادی و چەند شێوەیەکی دیکەش. ئەگەر کتێبی «یادی سجادی» وەک نموونە وەربگرین، دەبینین لە هەر وتار و بابەتێکیدا ناوەکەی بە جۆرێک نووسراوە. عەلائەدین سەجادی لەسەر کتێبەکانی ناوی خۆی بە شێوەی عەرەبی و بەم جۆرە نووسیوە: «علاءالدين سجادى». بە باوەڕی من باشتر وایە ناوەکەی بە کوردی و بە ئاسانترین شێوە بنووسرێت، واتە بنووسرێت: «عەلائەدین سەجادی». (٢)

### دووەم: کێشەی شوێنی لەدایکبوونی

شوێنی لەدایکبوونی عەلائەدین سەجادی باسێکی دوورودرێژە و لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی ئاسان و ڕۆشن ساغی بکەمەوە.

لەو کتێب و وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە شوێنی لەدایکبوونی (عەلائەدین سەجادی)یان تێدا نووسراوە، ناوی شوێنەکە بە سێ جۆر نووسراوە: ١- گوندی باراو ٢- گوندی (کەڵجی)ی هەورامان ٣- شاری سنە.

لە ناسنامە ئێراقییەکەی (عەلائەدین سەجادی)دا کە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٦/١٢دا دەرکراوە، نووسراوە لە باراو لەدایک بووە. (٣)گوندی باراو دەکەوێتە نزیک بەرزنجە، لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی.

ئەوانەی لە نزیکەوە (عەلائەدین سەجادی)یان ناسیوە، دەزانن کە ئەو سەر بە بنەماڵەی سەجادی بووە، ئەو بنەماڵەیەش خەڵکی شاری سنەن و ئێستاش زۆربەیان هەر لەوێ دەژین و دەیان نووسەر و کەسی ناسراویان تێدا

هەڵکەوتووە.(٤) باوکی (عـەلائەدین سەجـادی)ش کە ناوی سەید نەجمەدین بووە، کەسایەتییەکی دیاری ئەو بنەمـاڵەیە بووە و لە سنە ژیاوە، تەنانەت عـەلائەدین سەجادی خۆیشی لە چەند گێڕانەوەیەکدا، ناڕاستەوخۆ، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە باوکی خەڵکی سنە بووە و لەوێ ژیاوە.(٥)

ئەوەی کە لە ناسنامەکەیدا نووسراوە لە باراو لەدایک بووە، باسێکە پێوەندی بە یاسا و باروزرووفی سیاسی ئێـراق و وڵاتانی دراوسـێـیـەوە هەبووە. لە سـاڵی ١٩٢١ەوە کە حکوومەتی ئێراق دامەزرا و جوگرافیای سیاسی دیاری کرا، نە هاووڵاتی ئێراقی دەیتوانی بەبێ پاسپۆرت و بەڵگەی ڕەسمی بچێتە وڵاتەکانی دیکە و نە هی ئەو وڵاتانەش دەیانتـوانی بێنە ئێراق، سەبارەت بە ئێراق و ئێرانیش پەیماننامە لەنێـوانیـاندا هەبووە کە هاووڵاتی هیچ لایەک بەبێ بەڵگەی ڕەسـمی و هۆی ڕێگاپێدراو نەیتوانیوە لە وڵاتەکەی دیکە بژی و بمێنێتەوە، هەرچەند ڕاستییەکەی گەلێک تاک و بنەماڵە و عەشیرەتی کورد گوێیان بەو یاسا و بڕیارانە نەداوە و زۆرجار سنووریان بەزاندووە و ئەم دیو و ئەو دیویان کردووە، ئەگەرچی تووشی لێپرسینەوە و کێشەش هاتوون. ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت، پوختەکەی ئەوەیە پاش ئەوەی کە عەلائەدین سەجادی بە مێردمنداڵی سنەی جێ هێشتووە، هەر ماوەی لە گوند و شارۆچکەیەک ژیاوە و لای چەند مەلایەک خوێندوویەتی. باوکی سۆراخی کردووە و کەسی جێ باوەڕی خۆی ناردووە و بردوویەتییەوە بۆ سنە، پاشان سنەی جێ هێشتووەتەوە و لە چەند گوند و شارێک خوێندوویەتی، سەرەنجام لە سلێمانی گیرساوەتەوە، ئیتر بڕیاری داوە کە بۆ سنە نەگەڕێتەوە، لە سلێمانی لای چەند مەلایەکی ناسراو خوێندوویەتی، ١٩٣٨ خوێندنی مەلایەتی لای شێخ بابە عەلی تەکیەیی تەواوکردووە، ١٩٣٩ چووەتە شاری بەغدا. ساڵی ١٩٤٥ بەپشتیوانی چەند کەسێکی کوردی دەستڕۆیشتوو، ناسنامەی ئێراقی بۆ دەرهاتووە و لە ناسنامەکەدا نووسراوە لە گوندی باراو لەدایک بووە. مەبەستەکە ئەوە بووە کە وەک هاووڵاتی ئێراقی بناسرێت و بە ئێرانی و خەڵکی سنە نەدرێتە قەڵەم و بە تۆمەتی ئەوەی کە ئێرانییە، لە ئێراق دەرنەکرێت، تەنانەت لە ناسنامەکەیدا نووسراوە کە دایک و باوکیشی خەڵکی باراو بوون و پێش ساڵی ١٩٢٤ هاووڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوون.(٦) بێ گومان ئەگەر وا نەنووسرایە، مافی ئەوەی نەدەبوو ناسنامەی ئێراقی وەربگرێت.

کەسە ناسراوەکانی بنەماڵەی سەجادی چ لە کتێب و نووسینەکانیاندا و چ لە کۆڕ و بۆنەکاندا، کاتێک باسی عەلائەدین سەجادی هاتبێتە پێشەوە، وەک کەسێکی بنەماڵەکەی خۆیان و وەک کەسوکاری خۆیان ناویان بردووە.(٧)

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەکورتی باسی ئەوە بکەم کە تا عەلائەدین سەجادی خۆی لە ژیاندا بوو، چ خۆی و چ ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە ناسیویانە باسی شوێنی لەدایکبوونیان نەکردووە. ئەگەر لە جێیەکیشدا پێویستی کردبێت، بەپێی ناسنامەکەی نووسیویانە لە گوندی باراو لەدایک بووە، پاش ئەوەی کۆچی دوایی کردووە، هەر وایان نووسیوە، بۆ ئەوەی کێشە بۆ خێزانەکەی و کوڕ و کچەکانی ساز نەبێت و بە تۆمەتی ئێرانی بوون لە ئێراق دەرنەکرێن و ماڵ و موڵکیان داگیرنەکرێت. پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، ئیدی بەپێویست نەزانرا چیدیکە ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە، بۆیە لە هەر کوێ باسی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی هاتبێتە پێشەوە، گوتراوە، یان نووسراوە کە لە شاری سنە لەدایک بووە.

## سێیەم: کێشەی ساڵی لەدایکبوونی

لە ناسنامەکەیدا کە لە ١٩٤٥/٦/١٢ دەرهاتووە، نووسراوە لە ١٩٠٧ لەدایک بووە. بەپێی چەند بەڵگە و فاکتێک و بە لێکدانەوەی لۆجیکی، ئەو ساڵە دوورە لە ڕاستییەوە، هەرچەند تا ئەو ساتەی کە کۆچی دوایی کردووە، هەر لەگەڵی بووە و لە مردنیشدا لێی جیانەبووەتەوە، لە سەر کێلی گۆڕەکەی بە عەرەبی نووسراوە: (ولد **في** عام ١٩٠٧)، واتە ساڵی ١٩٠٧ لەدایک بووە.

هەندێک بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە عەلائەدین سەجادی ساڵی ١٩١٥ لەدایک بووە، یەکێک لەو سەرچاوانەی کە ساڵی لەدایکبوونی بە دروستی تێدا نووسراوە، کتێبی «دەستنووسی کوردی» (KURDISCHE HANDSCHRIFTEN)یە کە

دوکتۆر کەمال فوئاد بە زمانی ئەڵمانی نووسیویەتی و لە بنەڕەتدا نامەی دوکتۆرایە.

دوکتۆر کەمال فوئاد لە نامەی دوکتۆراکەیدا کە ساڵی ١٩٧٠ لە ئەڵمانیا چاپ کراوە، (لە لاپەڕە L)دا نووسیویەتی: عەلائەدین سەجادی لە ١٩١٥ لە باراو (٢٠کم ڕۆژهەڵاتی سلێمانی) لەدایک بووە. (٨)

دیارە دوکتۆر کەمال کە ساڵەکەی بە دروستی نووسیوە، زانیوبشیەتی کە لە شاری سنە لەدایک بووە، چونکە ئەو لە نزیکەوە عەلائەدین سەجادی ناسیوە و لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٦٩دا لە بەغدا سەردانی کردووە و لەبارەی ژیانییەوە پرسیاری لێ کردووە و وەڵامەکانی لای خۆی یاداشت کردووە. بۆ ئەوەی کە نووسینەکەی کێشە بۆ عەلائەدین سەجادی ساز نەکات و نەکرێتە بەڵگە کە لە سنە لەدایک بووە و ئێرانییە، شوێنی لەدایکبوونەکەی بەو جۆرە نووسیوە کە لەگەڵ ناسنامەکەی یەک بگرێتەوە و ناکۆک نەبێت.

بایەخی ئەم نووسینەی دوکتۆر کەمال فوئاد لەوەدایە کە ئەودەم (ساڵی ١٩٧٠) عەلائەدین سەجادی خۆی لە ژیاندا بووە و خۆی بە دوکتۆر کەمال فوئادی گوتووە بەو جۆرە بینووسێت.

دوکتۆر کەمال فوئاد لە وتارێکی درێژدا کە لە بەرلین لە ١٩٨٥/٣/١٢دا نووسیویەتی و لە گۆڤاری (چریکەی کوردستان)دا بڵاوی کردووەتەوە، لە لاپەڕە ٢٠ تا لاپەڕە ٢٣، کورتەیەکی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نووسیوە، کە بەم جۆرە دەستی پێ کردووە: «ساڵی ١٩٠٩ لە گەڕەکی (قەتارچی)یان لە سنە هاتووەتە دنیاوە. «ئەوجا لە لاپەڕە ٢٤، لە پەراوێزی ژمارە ٣دا ئەم ڕوونکردنەوەیەی نووسیوە: «من لە دوکتۆرانامەکەمدا نووسیبووم لە ساڵی ١٩١٠ لە سنە هاتووەتە دنیاوە. لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٦٩دا چووم بۆ لای لە مزگەوتەکەی خۆی، ئەوەی لەسەر ئەوم نووسیبوو بۆم خوێندەوە، هەمووی بەدڵ بوو، ئەوە نەبێت کە لەسەر شوێن و ساڵی هاتنە دنیاوە نووسیبووم. وتی بنووسە ساڵی ١٩١٥ لە باراو هاتووەتە دنیاوە. منیش کە دوکتۆرانامەکەم ساڵی ١٩٧٠ چاپ کرد بەو جۆرەم نووسی کە ئەو ویستی. هەتا لە نەخشەکەدا شوێنی باراویشم نیشانە کرد کە دەکەوێتە نێوان سلێمانی و بەرزنجە. لەم دواییەدا م.عەبدولحەمیدی حوسەینی کە خەڵکی مەهابادە، لە باسی (سەجادی)دا، بەبۆنەی کۆچی دواییەوە، ئاگاداری کردمەوە کە ڕاستییەکەی لە ساڵی ١٩٠٩ لە گەڕەکی (قەتارچی)یان لە شاری سنەی کوردستانی ئێران هاتووەتە دنیاوە. زۆر سپاسی دەکەم. وابزانم مامۆستا سەجادی بۆیە وای وت تا ئەو زانیارییە لەگەڵ زانیاریی ناو دەفتەر نفووسەکەیدا جیاواز نەبێ. ئەوەی شایەنی باسە، هەر ئەو ساڵە ئەوەندەی پێم کرا هەموو ئەو کەسانەی لە ژیاندا بوون و من لە کتێبەکەمدا ناوم هێنابوون، سەرم لێدان و ئەوەی لەسەریانم نووسیبوو بۆم خوێندنەوە، ئەوی پێویستی بە ڕاستکردنەوە بوو، ڕاستم کردەوە، ئەمجا کتێبەکە خرایە ژێر چاپ.» (٩)

ئەگەر سەرنج بدەین، دوکتۆر کەمال فوئاد بەڕۆشنی نووسیویەتی عەلائەدین سەجادی خۆی پێی گوتووە کە لە ١٩١٥دا لەدایک بووە.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ساڵی ١٩١٥ لەدایک بووە، گێڕانەوەیەکی خودی عەلائەدین سەجادی خۆیەتی لە یەکەمین بەرگی (ڕشتەی مرواری)دا: «لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠دا مزاحم أمين پاچەچی نائب رئيس الوزراى عراق بوو. من عمرم ٥٣ ساڵێک ئەبو زیاتر لە دو بەشی موی سەرم سپی بوبو، بەچەند ساڵێکی کەم لەپێش ئەم تاریخەدا چاوی پێم کەوتبو. لەم تأریخەشا دیسان لە شوێنێک یەکمان گرت، عادەتیشی وابو بە دانە دانە قسەی ئەکرد. پێی وتم: ماكنت أتأمل ان أرى رأسک هكذا عاجلا! منیش کتوپڕ پێم وت: أفردني الدهر، وألمتني المصائب، فاشتعل الرأس شيبا!» (١٠)

دوکتۆر مەجید ڕەشید بیبانی لە نووسینێکی خۆی کە لە (فەیسبووک)دا بڵاوی کردووەتەوە، بەسەرهاتێکی گێڕاوەتەوە و نووسیویەتی ساڵی ١٩٦٨ خوێندکارەکانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمان، زانکۆی بەغدا، چەند جارێک داوایان لە مامۆستا عەلائەدین سەجادی کردووە کە باسی ژیانی خۆی بکات، بەڵام ئەو هەرجارەی بەبیانوویەک خۆی لەوە دزیوەتەوە، تا ڕۆژێک خوێندکارەکان، کە مەجید ڕەشید بیبانی یەکێکیان بووە، کاتێک م. عەلائەدین سەجادی چووەتە پۆلەکەوە تا وانەیان پێ بڵێت، مانیان گرتووە، گوتوویانە تا باسی ژیانی خۆتمان بۆ نەکەیت، وانەکە نانووسین. ئەویش

بەڵێنی پێ داون کە ڕۆژێک باسی ژیانی خۆی بکات. ڕۆژی ١٩٦٨/٤/٢٧ مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە یەکێک لە وانەکاندا باسی ژیانی خۆی کردووە. وادیارە دوکتۆر مەجید ڕەشید هاوکات ژیاننامەکەی لای خۆی نووسیوەتەوە و پاراستوویەتی، وا پاش چەندان ساڵە ژیاننامەکەی بڵاوکردووەتەوە. لەوێدا دوکتۆر مەجید لە زمانی عەلائەدین سەجادی خۆیەوە نووسیویەتی لە ١٩١٥ لەدایک بووە. (١١)

ئەو سێ بەڵگەیەی کە ئاماژەم بۆکردن، هەرسێکیان نووسین و گوتەی عەلائەدین سەجادی خۆی بوون کە ساڵی ١٩١٥ی بە ساڵی لەدایکبوونی خۆی زانیوە. بەڵگەی دیکەشم دەست خستووە، بەڵام بۆ ئەوەی باسەکە لە سنووری خۆی زیاتر درێژە نەکێشێت، ئەمەندەم لێ خستە بەرچاو.

**چی دەربارەی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نووسراوە؟**

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێک وتار و بابەت دەکەم کە تێیاندا باس لە کەسێتی و هەڵسوکەوت و چەند لایەنێکی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی کراوە.

* دلێر عەلائەدین سەجادی، بە هاوکاری محەمەدی مەلا کەریم بەشی زۆری ئەو وتار و بابەتانەی کە لە کۆڕی چلەی عەلائەدین سەجادی، ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٤ لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، خوێندرابوونەوە، لەگەڵ چەند وتارێکی دیکەدا کۆکردووەتەوە و لە کتێبێکدا بەناوی «یادی سجادی» بڵاوی کردووەتەوە. (١٢)

* کەناڵی تەلەڤزیۆنی «خاک» لە سلێمانی، فیلمێکی دۆکیومێنتاری سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی بەرهەمهێناوە. فیلمەکە لە مانگی بەفرانباری ٢٠١٣دا ئامادەکراوە، لە کۆتایی فیلمەکەدا نووسراوە: بەرهەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانی، ئامادەکردنی: لوقمان محەمەد ڕەشید، کامێرا: ڕێبین ئەحمەد، مۆنتاژ: کوردۆ خالید. لەم فیلمە دۆکیومێنتارییەدا چەند کەس بەشدارییان کردووە و سەبارەت بە ژیاننامە و بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی قسەیان کردووە، لەوانە: ئیبراهیم میرانی، دانش عەلائەدین سەجادی، نازدار عەلائەدین سەجادی، کەریم شارەزا و چەند کەسی دیکە. لەو فیلمەدا هەندێک لایەنی ژیانی عەلائەدین سەجادی باس کراوە، بەڵام بەشی زۆری زانیارییەکان، هەر ئەوەن کە لە کتێبی «یادی سجادی»دا نووسراون و دووبارەکراونەتەوە.

* مومتاز حەیدەری ساڵی ١٩٨٣ لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری «نووسەری کورد»دا وتارێکی بەنرخی بە ناوونیشانی «مامۆستا سەجادی خەرمان بەرەکەت!» نووسیوە. لە وتارەکەیدا پاش ستایشی عەلائەدین سەجادی و بەرز نرخاندنی بەرهەمەکانی، بەتایبەت هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواری، هیوای تەمەن درێژی و لەشساغی و بەرهەمی زیاتری بۆ خواستووە، هەروەها پێشنیاری سازدانی سیمینارێکی گەورەی چەند ڕۆژی کردووە، وەک میهرەجانێکی گەورە و شکۆدار بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی بەگشتی و هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواری بەتایبەتی، نرخی ئەو وتارە و پێشنیارەکەی مومتاز حەیدەری لەوەدایە کە ئەودەم عەلائەدین سەجادی لە ژیاندابووە. (١٣)

* ساڵی ١٩٦٩جەلال تاڵەبانی لە کتێبی «کردستان والحركة القومية الكردية»دا لە چەند لاپەڕەیەکدا دەربارەی هەندێک شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیری کوردی نووسیوە کە یەکێک لەوانە (عەلائەدین سەجادی)یە. لە سەرەتاکەیدا وەک نووسەرێکی ناسراوی کورد ناساندوویەتی و باسی ڕۆڵی لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کردووە، ئەوجا نووسیویەتی: «خاوەنی گەلێک بەرهەمە، یەکێکە لە باشترین نووسەرە کوردە هاوچەرخەکان، کە شارەزایی دەربارەی ئەدەبی کوردی و مێژووەکەی هەبێت.» (١٤)

* ئیبراهیم میرانی کە خزمایەتی لەگەڵ عەلائەدین سەجادی هەیە، لە ژمارە ٤٠ی گۆڤاری (کاروان)دا وتارێکی دەربارەی عەلائەدین سەجادی نووسیوە. (١٥)لە سەرەتاکەیدا باسی ئەو ئێوارەیە و ئەو ساتەی کردووە کە عەلائەدین سەجادی کۆچی دوایی کردووە، ئەوجا باسی بیروڕا و هەڵوێست و ناوەرۆکی نووسینەکانی کردووە. لە کۆتاییەکەیدا نووسیویەتی: «بەیانیان زوو چاوی دەکردەوە تا نیوەشەوێکی درەنگ خەو دەیهێنا بەلادا دەقیقەیەکی کاتەکەی بەفیڕۆ نەدەدا و زۆربەی کاتی لە کتێبخانە ئاوەدانەکەیدا بەسەردەبرد... لە هەموو ژیانیدا ڕێکوپێک بوو، لە سەرەتاوە تا کۆتا بەرنامەی بۆ هەموو

گەورە و بچووکێکی ژیانی دانابوو و بە وردی پێڕەوی دەکرد... بێ فیز و ساکار بوو.»(١٦)

* ئازاد عەبدولواحید لە ژمارە ١١٢ی گۆڤاری (ڕامان)دا بابەتێکی بەنرخی بە ناوونیشانی «بەیادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی - یەوە (١٩٠٧ - ١٩٨٤) کشانی ئەستێرەیەک و هەندێ بیرەوەری تایبەتیم» بڵاوکردووەتەوە.(١٧) سەرەتا باسی ئەوەی کردووە کە عەلائەدین سەجادی کەسێکی سادە و بێفیز بووە و بە دڵێکی فراوانەوە هاوکاری و ڕێنوێنی نووسەرە لاوەکانی کردووە، ئەوجا لە بەشێکی بابەتەکەدا گێڕاویەتییەوە کە لە ١٩٨٢/٧/١دا لە بەغدا، لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردییەوە تەلەفۆنی بۆ عەلائەدین سەجادی کردووە و سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانی شێخ نووری شێخ ساڵح و شیعر و بەرهەمەکانی پرسیاری لێ کردووە، هاوکات وتووێژەکەی لەسەر کاسێت تۆمارکردووە.(١٨)پاشان باسی ئەوەی کردووە کە لە ١٩٨٢/١١/٧دا لە بەغدا، بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە ژیاننامە و شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح سەردانی عەلائەدین سەجادی کردووە و لەو بارەیەوە وتووێژی لەگەڵ کردووە.(١٩)

لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەدا ئازاد عەبدولواحید باسی ئەوەی کردووە کە ساڵی ١٩٤٨، ئەو دەمەی کە عەلائەدین سەجادی گۆڤاری (نزار)ی دەرکردووە، ڕەفیق چالاک وتارێکی لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری (نزار)دا سەبارەت بە ڕاپەڕینی جووتیارەکانی عەربەت بڵاوکردووەتەوە. شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید بەوە تووڕە بووە و وای زانیوە کە عەلائەدین سەجادی نووسیویەتی، لەسەر ئەوە ویستوویەتی بیکوژێت. حەپسەخانی نەقیب و پیرەمێرد کارێکی وایان کردووە کە شێخ لەتیف هێوربێتەوە و لەو بڕیارەی پەشیمان ببێتەوە، هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە عەلائەدین سەجادی چەند مانگێک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، سەردانی سلێمانی کردووە و بەنێو کۆڵان و گەڕەکە کۆنەکاندا پیاسەی کردووە و یادی ساڵانی کۆنی کردووەتەوە.(٢٠)

* لە ژمارە ٤٨ی گۆڤاری (ڕامان)دا نامەیەکی عەلائەدین سەجادی بە ناوی «دوا نامەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی» بڵاوکراوەتەوە کە لە ١٩٨٤/٩/٢دا بۆ دوکتۆر عەزیز فەیزی مزداری نووسیوە. نامەکە لەلایەن (عومەر فارووق)ییەوە بۆ گۆڤاری (ڕامان) نێردراوە و ڕوونکردنەوەیەکیشی لەگەڵ نووسیوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا نووسیویەتی دوکتۆر عەزیز فەیزی مزدار کەسێکی ئەدەبدۆست و لە بنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگی شاری سەقزە و لە شاری هایدێلبێرگ لە ئەڵمانیا ژیاوە.(٢١)وەک لە ناوەڕۆکی نامەکەدا دیارە، عەلائەدین سەجادی ئەو نامەیەی لە وەڵامی نامەیەکی دوکتۆر عەزیزدا نووسیوە کە داوای بەرهەمەکانی لێ کردووە. لە بەشێکی نامەکەدا نووسیویەتی: «کاک عەزیز! من ئێستە زۆر دڵشکاوم، وەڵامی نامەی کەسم بۆ نادرێتەوە، بەڵام ئێوەم بەتایبەت زانی.»(٢٢)

* مستەفا نەریمان لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیدا دەربارەی بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی نووسیوە. لە وتارێکیدا نووسیویەتی: «لە ماوەی سی و یەک ساڵدا بیست و یەک کتێبی بەقەوارەی (٥٣٦٦) لاپەڕە چاپ کردووە.»(٢٣)

* دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی «مێژوو»دا دەربارەی ناوەڕۆکی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی عەلائەدین سەجادی نووسیوە و زانیاریی وردی دەربارەی زۆربەیان نووسیوە.(٢٤)

* دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی «ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە» ئاماژەی بۆ وتار و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی عەلائەدین سەجادی کردووە و دەربارەی ناوەڕۆکەکانیانی نووسیوە.(٢٥)

* دوکتۆر مارف خەزنەدار لە ژمارە ٤٢ی گۆڤاری (ڕامان)دا ئەو وتارەی خۆی سەرلەنوێ بڵاوکردووەتەوە کە لە ١٩٨٥/١/٧ لە جەزائیر بۆ کۆڕی چلەی عەلائەدین سەجادی نووسیبووی و ناردبووی. کۆڕی چلەکە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٤ لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا سازکرابوو. وەک دوکتۆر مارف لە پێشەکی وتارەکەدا ڕوونی کردووەتەوە کاتی خۆی وتارەکەی لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێمی بەعسەوە سانسۆر کراوە و دەستکاری کراوە، بۆیە بەباشی زانیوە کە بە بۆنەی ١٥ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی عەلائەدین سەجادی، وتارەکە وەک خۆی، لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوبکاتەوە.(٢٦)

* دوکتۆر مارف خەزنەدار لە بەرگی حەوتەمی

(مـێـژووی ئەدەبی کـوردی)دا کـورتەی ژیاننامـەی عـەلائەدین سـەجـادی لە چوار لاپەڕەدا نووسـیـوە. لە سەرەتاکەیدا نووسیویەتی: «عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین لە بنەماڵەی سەجادی شاری سنەیە. لە ساڵی ١٩٠٧ لە گەڕەکی قەتارچییان لە سنە لەدایک بووە.» (٢٧)

* ژمـارە ٢٨ی «ڕۆژڤـار» کـە لە ٢٠٠٤/٢/٢٥دا دەرچووە، تایبـەت کـراوە بۆ هەندێک لە نووسـینەکـانی عـەلائەدین سـەجـادی. جـێی سـەرنجـە لەم ژمـارەیەی (ڕۆژڤار)دا هیچ دەربارەی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نەنووسراوە. (٢٨)

* بوار نوورەددین بیـبلیـۆگـرافـیـایەکی ڕێکوپێکی سـازکـردووە کـە تێـیـدا زانیـاریی پێـویسـتی دەربارەی کـتێـبـەکانی عـەلائەدین سەجادی و ئەو کـتێـبـانە کە زانیـارییـان دەربارەی ژیاننامـەی عـەلائەدین سـەجـادی و بەرهەمەکانی لەخۆگرتووە، نووسیوە. (٢٩)

* بابا مـەردوخی ڕوحـانی «شـیـوا»، لە کـتێـبی «تاریخ مشاهیر کرد - عرفا، علما، ادبا، شعرا»دا کورتەیەکی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی نووسیوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرەیە: «سید علاءالدین فرزند سید نجم الدین از سادات کلجی، به سال ١٣٣٥ ه ق در شهر سنندج دیده به جهان گشود»، ئەمە دەقـەکـەیەتی بە کوردی: «سـەید عـەلائەدین کوڕی سـەید نەجـمـەدین لە ساداتی کـەڵجی، سـاڵی ١٣٣٥ی کـۆچی لە شـاری سنە چاوی بە جیـهـان هەڵهێناوە.» (٣٠)

* وەک ئاگـادارم دوکـتـۆر فـاروق مـحـەمـەد ڕەزا نەقشبـەندی، سـاڵی ٢٠٠٧ لە زانکـۆی بەغـدا، کـۆلـێژی پەروەردە، نامـەی دوکـتـۆرای بە ناونیشـانی «عـەلائەدین سـەجادی ژیان و بەرهەمـە ئەدەبیـیـەکـانی» پێشـکـەش کـردووە. پاشـتـر وەک کـتـێب چاپ کـراوە. زۆر هەوڵم دا خـودی نامـەی دوکـتـۆراکـە دەست بخـەم و بیـخـوێنمـەوە، پاشـان هەوڵم دا کـتـێبـەکـە پەیدا بکـەم، تا ئەم سـاتە نە نامەکە و نە کتێبەکەم بۆ پەیدا نەبووە. (٣١)

## عەلائەدین سەجادی و گۆڤاری گەلاوێژ

عـەلائەدین سـەجـادی لە کـتـێـبی «مـێـژووی ئەدەبی کوردی»دا سەبارەت بە گۆڤاری (گەلاوێژ) نووسیویەتی: «گـەلاوێژ گـۆڤـارێکی ئەدەبی عـیـلمی بووە، مـانگی جارێک لەبەغدا دەرچووە، خاوەنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنووسەری عەلائەدین سەجادی بووە، یەکەم ژمارەی لە کـانوونی یەکـەمی ١٩٣٩ دەرچووە، دە سـاڵ بەردەوام بووە، ١٠٥ ژمارەی لێ دەرچووە، لە ژمارەی (ئاغستوز-ئاب)ی ١٩٤٩دا داخرا، ئەم گـۆڤـارە چاکـترین گـۆڤـاری ئەدەبی و عیلمی کورد بووە.» (٣٢)

فـایەق هۆشـیـار لە نووسـینێـکـیـدا کـە لە ١/١٠/١٩٩٦دا لە بەغـدا نووسـیـویەتی، باسی ئەوەی کردووە کە لەسەرەتادا ئیبراهیم ئەحمەد و قادر قەزاز و فایەق هۆشیار بە پشتگیریی ماڵیی عەلی کەمال گۆڤاری (گـەلاوێژ)یان دەرکـردووە، ئەوجـا باسی ئەوەی کـردووە هاوکـات کـە خـەریکی دەرکـردنی گـەلاوێژ بوون، ئەو لە کۆلێژی حقووق خوێندوویەتی. ڕۆژێک لەکاتی چاپکردنی گـۆڤـارەکـەدا، عـەلائەدین سـەجـادی سـەردانی ئەو چاپخانەیەی کردووە کە گۆڤاری گەلاوێژی لێ چاپ کراوە و بابەتێکی بۆ بردوون کە لە گـۆڤارەکەدا بلاوبکرێتەوە. ئیتر لەوکاتەوە یەکتریان ناسیوە و پێوەندییەکی دۆستانە لەنێـوانیـانـدا دروست بووە، پاشـان نووسـیـویەتی: «جارێکیـان مامـۆستـا قـادر قەزاز وتی: لام وایە ئێستا کـاتی ئەوە هاتووە مـودیرێکی ئیـدارە بۆ گـەلاوێژ دابنرێ، ئەو کـاروبارانەی گۆڤارەکە بگرێتە ئەستۆ کە بە مودیری ئیدارە ئەکرێن. ئێمەیش هەر لەگـەڵی ئەبین. وتیشی: لام وایە مـامـۆسـتـا عـەلائەدین بۆ ئەم کـارە ئەگـونجێ و پڕ بە پێـسـتـیـەتی. هەروا لەبەر ئەوەی مـامـۆسـتـا عـەلادین، هەرچەند ئەو کـاتە ژنی نەهێنابوو، ئەو مـانگانەیەی لە ئەوقـاف وەرئەگـرت، بە حـوکـمی ئەوەی ئیـمـامی مـزگـەوتەکـەی ئەوقـاف بوو، بەشی گـوزەرانی نەئەکـرد و هیـچی تریشی نەبوو. دیارە منیش ئەم پێشنیـارەی کاک قادرم زۆر پێ باش بوو و پەسەندم کرد لێی و لەسەر ئەمە دیسـان پێکەوە چووینەوە لای کـاک عـەلی کـەمـال و مەسەلەکەمان بۆ باس کرد. ئەویش دەست بەجێ ئامادەیی خۆی پیشان دا کەوا مامۆستا لەسەر حیسابی گەلاوێژ دامـەزرێنێ و مـانگانەی بۆ تەرخـان بکا. بەم جـۆرە لە ژمـارە (٣ و ٤)ی مـانگی مـارت و نیـسـانی ١٩٤١دا مـامۆسـتـا عـەلائەدین بوو بە مودیری ئیـدارەی گـەلاوێژ. منیش لە حوزەیرانی ١٩٤٤دا کۆلیژی حقووقم تەواوکرد و وەک پارێزەر چوومەوە بۆ سلێمانی، وەک جاران لەگەڵ مـامۆسـتـا قـادر قەزاز و مـامـۆسـتـا علائەددین پێکەوە

سەرپەرشتی کاری کاروباری دەرکردنی گەلاوێژ بووین. دوای ساڵی ١٩٤٤یش مامۆستا عەلائەدین هەرگیز دەستی لە گەلاوێژ بەرنەدا تا دوا ژمارەی دەرچوو.» (٣٣)

ئیبراهیم ئەحمەد لە بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆڵی عەلائەدین سەجادی لە دەرکردنیدا نووسیویەتی: «لە مانگی شوباتی ١٩٤٢ەوە کرابووم بە حاکم لەپێشدا لە هەولێر و لەپاشانیش گواستیانمەوە بۆ هەڵەبجە و بەزۆری خەریکی کاروباری مەحکەمە و نووسین و ئامادەکردنی کەرەسەی چاپکردن بووم بۆ گەلاوێژ کەوا لەو کاتەدا مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە پێشنوێژ بوو لە یەکێ لە مزگەوتەکانی بەغدا، کاک عەلی کەمال کە یەکێک بوو لە یارمەتیدەرە هەرە دڵسۆزەکانی گۆڤارەکە بۆی دۆزیمەوە کەوا ئەرکی سەرپەرشتی لەچاپدان و دەرکردنی گەلاوێژ بخەینە سەر ئەو. بەشەرتێ کە من ناوەرۆکەکەی، پێشەکی بۆ بنێرم. ئەو ئیتر بە ڕەسمی بوو بە بەرێوەبەری گۆڤارەکە و بەرەبەرە دەستی کرد بە نووسینیش تێیدا، تا لەپاش ماوەیەک بوو بە یەکێ لە پایەکانی پێشخستن و مانەوەشی، تا حکوومەتی عورفی، زیندانی کردنی منی خاوەن گۆڤارەکەی کرد بە بەهانە بۆ داخستنی لە ئوگوستی ١٩٤٩دا.» (٣٤)، پاشان نووسیویەتی: «مانگی تەمووزی ١٩٤٤ حکوومەت ئاگاداری کردم، من کە حاکمم لە هەمان کاتدا گۆڤارێکیش دەردەکەم کە ئەمە لەگەڵ قانوون ناگونجێ، بۆیە دەبێ ئیمتیازی گۆڤارەکەم واز لێ بهێنم. منیش لەباتی ئەوە وازم لە حاکمێتییەکەم هێنا و لە ١٩٤٤/٨/٧ەوە گەڕامەوە سلێمانی و دەستم کردەوە بە (ئەوقاتی: پارێزەری) و لەسەر گۆڤار دەرکردنی خۆشم ڕۆیشتم.» (٣٥)

لێرەدا کە باسەکە پێوەندی بە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆڵی عەلائەدین سەجادی لە دەرکردنیدایە، بە گونجاوی دەزانم کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە بنکەی ژین لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١٦ سەرلەنوێ هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی لە دە بەرگدا، بەرێکوپێکی و جوانی، چاپ کردووەتەوە. بەرگی یازدەشیان تایبەت کردووە بۆ ژیاننامەی ئەو کەسانەی کە لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا بەشداربوون و ئەوانەش کە نووسینیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە. لە کۆتاییشدا ئیندێکس بۆ ناوی نووسەرەکان و ناوی بابەتەکانیان سازکراوە. (٣٦)

## گۆڤاری نزار

عەلائەدین سەجادی لە کتێبی «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا سەبارەت بە گۆڤاری نزار نووسیویەتی: «نزار گۆڤارێکی سیاسی - پیلانی حەفتەیی بووە، بەزمانی عەرەبی و کوردی لە بەغدا هەر بە ١٥ ڕۆژ جارێ ژمارەیەکی دەرچووە، خاوەن و سەرنوسەری عەلائەدین سەجادی بووە، یەکەم ژمارەی لە (٣٠) مارتی ١٩٤٨ دەرچووە تا ١٥ی شوباتی ١٩٤٩ (٢٢) ژمارەی لێ دەرچوو ئیتر داخرا، ئەم گۆڤارە لاپەڕەیەکی ڕووناکی لە تأریخی سیاسی کورددا بووە.» . (٣٧)

## یانەی سەرکەوتن

لە ساڵی ١٩٣٩وە کە عەلائەدین سەجادی لە بەغدا نیشتەجێ بووە، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کردووە لە گەلێک کۆڕ و کۆمەڵەی کوردیدا بەشداری کردووە یان بەپێی توانایی و دەرفەتی خۆی هاوکاری کردوون، یەکێک لەوانە یانەی سەرکەوتن بووە. ئەو یانەیە لە شاری بەغدا بنکەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد بووە، لەو یانەیەدا، لە زۆربەی چالاکییەکانیدا بەشداربووە. بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە گۆڤاری گەلاوێژ لە دەرچووندا بووە، ڕێپۆرتاژی دەربارەی کار و چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

غەفووری میرزا کەریم لە ژمارە ١٠٨ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا، لە زمانی عەلائەدین سەجادی خۆیەوە باسی ڕۆڵی عەلائەدین سەجادی لە یانەی (سەرکەوتن)دا کردووە. وەک ئاماژەی بۆ کردووە، ڕۆژی هەینی ١٩٨٢/٣/١٩ سەردانی عەلائەدین سەجادی کردووە لە ماڵی خۆی لە شاری بەغدا و سەبارەت بە یانەی سەرکەوتن و چالاکییەکانی و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کورد لەو یانەیەدا وتووێژێکی لەگەڵدا سازکردووە. غەفووری میرزا کەریم زانیاری و ڕوونکردنەوەکانی لە زمانی (عەلائەدین سەجادی)یەوە بە پوختی و چڕی تۆمارکردووە. (٣٨)

**چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی عەلائەدین سەجادی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە:**

١- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٦، حوزەیرانی ١٩٤٣، ل١ - ٨.

٢- عەلی کەمال بەگ، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٧، تەمووزی ١٩٤٣، ل١ - ٩.

٣- ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٨، ئابی ١٩٤٣، ل١ - ١٦.

٤- جەژنی نەورۆز، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٤، نیسانی ١٩٤٤، ل٤٢ - ٤٨.

٥- جەژنی نەورۆز، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٤، نیسانی ١٩٤٥، ل٤٢ - ٤٧.

٦- جەژنی نەورۆز، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ٤، نیسانی ١٩٤٧، ل٤١ - ٤٧.

٧- بووکی بادینان: شەرانش، ژین (ڕۆژنامە - سلێمانی)، ژ١٣٦١، ١٩٥٧/٩/١٩، ل١.

٨- سیروان و سەرسنگ، ژین (ڕۆژنامە - سلێمانی)، ژ١٣٥٨، ١٩٥٧/٨/٢٩، ل١.

٩- سیروان، ژین (ڕۆژنامە - سلێمانی)، ژ١٣٩٨، ١٩٥٨/٦/٢٦، ل١. [پاشماوەکەی براوە بۆ ل٨]. [لەم وتارەدا عەلائەدین سەجادی لەناوی ڕووباری سیروانی کۆڵیوەتەوە].

١٠- دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی، ڕۆژی نوێ (گۆڤار - سلێمانی)، ژ١٢، ساڵی١، ١٩٦١، ل١١ - ١٨.

١١- کورتەباسێک لەبارەی ئەم نووسینەی ئێمەوە، بەیان (گۆڤار - بەغدا)، ژ٢٣، ١٩٧٥، ل٥ - ٧.

١٢- نووسینی کوردی، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژ١، ساڵی ٦، ١٩٤٥، ل٤٣ - ٥١.

١٣- وتن و نووسین، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، بەغدا، ژ١٨، ١٩٧٤، ل٦١ - ٧١.

١٤- زنجیرە وتارێک بەناوی «چۆنیەتی فێربوونی زمانی کوردی» کە ساڵی ١٩٤٨ بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری نزار دا بڵاوی کردووەتەوە.

١٥- هۆنراوە و پەخشان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٣، بەرگی یەک، ل٢١٢ - ٢٣٣.

١٦- وشەی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٤، بەرگی دوو، ژمارە ١، ل١٤٨ - ١٧٨.

١٧- ئەدەبی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٥، بەرگی سێ، ژمارە ١، ل٨٩ - ١١٢.

١٨- ڕۆشنبیریی کۆن و نوێ لە کوردستاندا و پلەی ئەم ڕۆشنبیرییە لە دەرەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٦، بەرگی چوار، ل٥٠ - ٧٠.

١٩- زانینی کرۆکی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٧، بەرگی پێنج، ل٣٦ - ٦٢.

٢٠- سۆفیەتی لە هۆنراوەی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٧٨، بەرگی شەش، ل٣٧ - ٧٧.

٢١- دەنگی کوردی و نیشانەی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، ١٩٨٥، بەرگی دوازدە، ل٩٧ - ١٥٢. [ئەم بابەتە پاش کۆچی دوایی عەلائەدین سەجادی بڵاوکراوەتەوە].

**پوختەیەکی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی**

نووسەر، ڕۆژنامەگەر، لێکۆڵەر، شارەزا لە زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووی کورد و کوردستان.

عەلائەدین سەجادی کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدینە. دایکی ناوی فاتمە ئیبراهیم بووە.

عەلائەدین سەجادی ساڵی ١٩١٥ لە شاری سنە، لە گەڕەکی قەتارچییان لەدایک بووە. خوشکێک بەناوی کوبرا و چوار برا بەناوەکانی بەهائەدین، عوبێد، تەییب و شەهابی هەبووە. بە مێردمنداڵی بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن گەلێک شوێنی کوردستان گەڕاوە و لای چەند مەلا و مامۆستایەک لە سنە، سەقز، مەریوان و هەورامان و موکریان خوێندوویەتی، پاشان لە سلێمانی گیرساوەتەوە و وەک فەقێ لە مزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسووڵ خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٣٨ بڕوانامەی مەلایەتی لای مامۆستا شێخ بابەعەلی تەکیەیی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٣٩ چووە بۆ بەغدا و بووەتە مەلای مزگەوتی نەعیمە خاتوون لە گەڕەکی مەیدان. لەو مزگەوتەدا ژوورێکی بچووکی تاریک و نسرمی کردووە بە شوێنی دانیشتن و نووسین و کاری ڕۆژانەی. (٣٩)ماوەیەکیش لای شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ محەمەد قزڵجی خوێندوویەتی. سەرەتای ساڵی ١٩٤١ بە پێشنیاری عەلی کەمال لە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژدا هاوکاری ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤ - ٢٠٠٠)ی کردووە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە.

جگە لەو بابەتانەی کە نووسەران و شاعیرانی کورد لە گۆڤارەکەدا بڵاویان کردووەتەوە، خۆیشی وتار و بابەتی دیکەی نووسیوە و ئامادەکردووە و سەرپەرشتی لەچاپدانیشی کردووە. هاوکات پیتاک و ئابوونەی بۆ کۆکردووەتەوە. بەو جۆرە ڕۆڵێکی گەورەی لە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژدا بینیوە. گۆڤاری گەلاوێژ لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ تا ئابی ١٩٤٩ بەردەوام بوو، سەرجەم ١١٦ ژمارەی لێ دەرکرا.

بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە لە بەغدا ژیاوە، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کردووە لە زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکاندا بەشداربووە و کاری لەگەڵ کردوون، یان ئەوەندەی لەتواناییدا بووە هاوکاری کردوون. لە ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوودا کەسێکی چالاک و جێ باوەڕی یانەی سەرکەوتن بووە. بەردەوام لە گۆڤاری گەلاوێژدا ڕێپۆرتاژی دەربارەی کار و چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

ساڵی ١٩٤٨ هاوشانی گۆڤاری گەلاوێژ، گۆڤارێکی بەنرخی بەناوی «نزار»ەوە بە عەرەبی و کوردی دەرکرد. دەرکردنی گۆڤاری نزار لەو هەولومەرجەدا و بە زمانی عەرەبی و کوردی، ڕادەی هۆشیاری و دڵسۆزیی عەلائەدین سەجادی، بۆ خستنەڕووی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد نیشان دەدات. نزار گۆڤارێکی هەفتەیی سیاسی بوو، یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٨/٣/٣٠، ژمارە ٢٢ی لە ١٩٤٩/٢/١٥دا دەرچووە، پاشان لە کاری ڕۆژنامەگەریی دوورکەوتووەتەوە و خۆی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەب و کولتووری کوردی تەرخان کردووە.

ساڵی ١٩٥٧ خێزانی پێکەوەناوە، هاوسەرەکەی ناوی سوهەیلە ئەمین میرانی (١٩٣٥ - ٢٠١٢) بووە. سێ کوڕ و سێ کچیان بووە بەم ناوانە: دانا (١٩٥٨ - ١٩٨٢)، دانش (١٩٦١)، دلێر (١٩٦٣ - ٢٠٠٠)، ناهیدە (١٩٦٤)، نازدار (١٩٧١) و نازەنین (١٩٧٣).

ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٧٤ مامۆستای ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی بووە لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی کە لە پێشخستن و باشکردنی ئەو بەشەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە.

ساڵی ١٩٧٠ کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا دامەزراوە، عەلائەدین سەجادی وەک ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد جێی خۆی گرتووە و لە لیژنەی زمان و ئەدەبی کوریدا و لە چالاکییەکانی کۆڕدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ - ١٩٨٥دا حەوت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی لە گۆڤاری (کۆڕی زانیاری)دا بڵاوکردووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٤ کراوە بە ئەمینداری گشتی ئەوقاف لە ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستانی ئێراق لە شاری هەولێر.

نزیکەی چوار ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە. ساڵی ١٩٧٨ خانەنشین بووە. ئیتر ژیانی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردووە. هاوکات بە بەردەوامی ڕێنوێنی ئەو خوێندکار و کەسانەی کردووە کە لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی نووسیوە.

ساڵی ١٩٨٢ دانای کوڕی لە جەنگی ئێراق - ئێراندا کوژراوە. ئەو ڕووداوە ناسۆرێکی گەورەی لە دڵیدا دروست کردووە و بەردەوام پێوەی تلاوەتەوە، ئیتر وەک جاران هێز و توانست و ئارەزووی لێکۆڵینەوە و نووسینی نەماوە.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٤ لە ژووری کتێبخانەکەی ماڵی خۆی، لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/١٤ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەدیبان و نووسەران لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە شاری بەغدا نێژراوە.

عەلائەدین سەجادی زمانی کوردی کە زمانی دایکی بووە، بەباشی زانیوە و شارەزای زۆربەی دیالێکتە کوردییەکان بووە، هەروەها زمانی عەرەبی و فارسی بە خوێندنەوە و نووسین زانیوە.

جگە لەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، ١٢ کتێبی سەنگین و بەنرخی چاپ کردووە و بڵاوکردووەتەوە، لەوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی ١٩٥٢، ناوی کوردی ١٩٥٣، ڕشتەی مرواری نۆ بەرگ [تا خۆی لە ژیاندا بوو هەشت بەرگی چاپ کرد و بڵاوکردەوە. بەرگی نۆیەمیشی ئامادەکردووە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە]، گەشتێک لە کوردستاندا ١٩٥٦، شۆڕشەکانی کورد ١٩٥٩، هەمیشەبەهار ١٩٦٠، دەستوور و فەرهەنگی زمانی

کوردی ١٩٦١، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ١٩٦٨، نرخ شناسی ١٩٧٠، دوو چامەکەی نالی و سالم ١٩٧٣، کوردەواری ١٩٧٤، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ١٩٧٨ و چەند بەرهەمی دیکە. جگە لەو کتێب و وتار و لێکۆڵینەوانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە، گەلێک دەستنووسی خۆی و نامە و بەڵگەی گرنگ لە کتێبخانەکەیدا هەڵگیراون.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە عەلائەدین سەجادییان ناسیوە، ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە مرۆڤێکی زانا و دانا و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی کورد و کوردستان بووە، هەروەها کەسێکی زرنگکار و بەبەرنامە، ڕەوشت جوان، لەسەرخۆ و هێمن، سادە و خاکی، دڵ و دەروون ساف بووە.

**سەرچاوەکان:**

**١- یادی سجادی، کۆکردنەوەی: دلێر عەلائەدین سەجادی، بەغدا، ١٩٨٧.**

**٢- سوود لە چەند پەرەگراف و نووسینێکی کورتی م. عەلائەدین سەجادی خۆی وەرگیراوە کە لە کتێبەکانیدا، بەتایبەت لە بەرگەکانی (ڕشتەی مرواری)دا دەربارەی خۆی نووسیونی.**

**٣- وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ نازدار عەلائەدین سەجادی، ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨/٧/١٠.**

**٤- نامەی نازدار عەلائەدین سەجادی کە ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ لە ڕێگای ئیمێڵەوە بۆ منی ناردووە.**

**٥- نووسینێکی دوکتۆر مەجید ڕەشید بیبانی دەربارەی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی، کە لە (فەیسبووک)دا بڵاوی کردووەتەوە.**

**٦- بوار نوورەددین، عەلائەدین سەجادی، بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٣٩ - ٢٠١٢، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، ٢٠١٣، سلێمانی.**

**پەراوێز و ڕوونکردنەوەکان:**

**(١) دلێر عەلائەدین سەجادی، یادی سجادی، بەغدا، چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧، ١٩٥ لاپەڕەیە.**

**(٢) لەو وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوی کردوونەتەوە، ناوەکەی بەو جۆرە نووسراوە کە من لەم لێکۆڵینەوەیەمدا نووسیومە، واتە نووسراوە: «عەلائەدین سەجادی».**

**(٣) ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ نازدار عەلائەدین سەجادی لە ڕێگای ئیمێڵەوە کۆپیی ناسنامە ئێراقییەکەی عەلائەدین سەجادی بۆ ناردم.**

**(٤) وەک: سەید محەمەد باقر حیرەت سەجادی، سەید محەمەد سەعید سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی و دوکتۆر بەختیار سەجادی و چەند کەسی دیکەی شاعیر و نووسەر و خاوەن بڕوانامەی بەرز.**

**(٥) بڕوانە: عەلائەدین سەجادی، جەوهەر ئاغا، گەلاوێژ (گۆڤار - بەغدا)، ژمارە ٦، ساڵی دەیەم، حوزەیرانی ١٩٤٩، ل٦٢ - ٧٢. هەروەها بڕوانە: [ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، ١٩٥٧، ل.٢٠.]، [ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٢، ل٨١]**

**(٦) بەپێی هەندێک گێڕانەوە، دایکی عەلائەدین سەجادی کە ناوی فاتمە ئیبراهیم بووە، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی باراو بووە. لەم بارەیەوە پرسیارم لە چەند کەسێکی خەڵکی باراو کرد، بەڵام زانیارییەکی ورد و جێی باوەڕم دەستگیر نەبوو. ڕۆژی ٢٠١٨/٩/٣ لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ هونەرمەند تەها باراوی لەو بارەیەوە وتووێژمان کرد، ئەویش ئەوەی دووپات کردەوە کە لە کەسوکاری خۆی بیستووە کە عەلائەدین سەجادی خزمایەتی لەگەڵ باراوییەکان هەیە.**

**(٧) ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢٩ ئیمێڵێکم بۆ دوکتۆر بەختیار سەجادی نارد و سەبارەت بە بنەماڵەی سەجادی و شوێنی لەدایکبوونی عەلائەدین سەجادی پرسیارم لێ کرد. ڕۆژی ٢٠١٨/١١/٤ وەڵامی ئیمێڵەکەی دامەوە و لە بەشێکی ئیمێڵەکەیدا نووسیویەتی: «بنەماڵەی سەجادی نزیکەی سەد و پەنجا ساڵە لە سنە و دەوروبەری نیشتەجێن، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (کەڵجی)ی هەورامانن، لە ڕیش سپی و پیاوماقووڵانی بنەماڵەی خۆمانم بیستووە کە مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەدایکبوو و خەڵکی گوندی کەڵجی هەورامانە.»**

**(8) Kamal Fuad, KURDISCHE HANDS-CHRIFTEN, Published by Wiesbaden, 1970, pL.**

**(٩) کەمال فوئاد، شینی ئەدیبانی کورد، چریکەی کوردستان (گۆڤار - لەندەن)، ژ٨ و ٩، ئەیلوولی ١٩٨٥، ل٢٤.**

(١٠) عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، ١٩٥٧، بەغدا، ل٣١. جێی سەرنجە، چاپی یەکەمی ڕشتەی مرواری لێ دەرچێت، لە هەموو چاپەکانی دیکەدا ئەو پەرەگرافە کورتەی ئاماژەم بۆ کرد، بە هەڵە و بە شێواوی نووسراوەتەوە.

(١١) ئەو نووسینەی دوکتۆر مەجید ڕەشید بیبانی بەها تایبەتی هەیە و جێی ڕێز و پێزانینە کە ئەو زانیارییانەی لای خۆی پاراستووە. پاش خوێندنەوەی نووسینەکەی دوکتۆر مەجید ڕەشید بیبانی، بۆ دڵنیایی هەر لە فەیسبووکەوە ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢٢ نامەیەکم بۆ خۆی نارد و پرسیم ئایا پێشتر ئەو ژیاننامەیەی لە گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردووەتەوە. ڕۆژێک دواتر، لە ٢٠١٨/١٠/٢٣دا وەڵامێکی کورتی بۆ نووسیم و نووسیویەتی تەنیا لە (فەیسبووک)دا بڵاوی کردووەتەوە. بۆ ساغکردنەوەی چەند لایەنێکی دیکەی ژیاننامەی عەلائەدین سەجادی سوودم لەو نووسینەی دوکتۆر مەجید بیبانی وەرگرتووە.

(١٢) دلێر عەلائەدین سەجادی، یادی سجادی، بەغدا، چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧، ١٩٥ لاپەڕەیە.

(١٣) مومتاز حەیدەری، مامۆستا سەجادی خەرمان بەرەکەت!، نووسەری کورد، ژمارە ١٢، خولی دووەم، ئابی ١٩٨٣، ١٦٢ – ١٦٥.

(١٤) جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، بغداد، ١٩٦٩، ص٢٥. «(جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، دارالطليعة، ص٥٨ – ٥٩»)

(١٥) ئیبراهیم میرانی، مەرگی سەججادی، کاروان (گۆڤار – هەولێر)، ژ٤٠، کانوونی دووەم ١٩٨٦، ل٢ – ٣. هەروەها بڕوانە: «(دلێر عەلائەدین سەجادی، یادی سجادی، بەغدا، چاپخانەی ئیشبیلییە، ١٩٨٧، ل١٧٤– ١٧٧.

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە نووسینێکیدا کە لە ژمارە ٥ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا بڵاوی کردووەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە کۆمەڵێک دەستنووسی عەلائەدین سەجادی لابووە و داونی بە ئیبراهیم میرانی کە بەنیازبووە دەربارەی عەلائەدین سەجادی بنووسێت. «(دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی تێ دەگرم، نووسەری کورد، ژ٥، ئەیلول ٦٨٩١، ل٥٤١»)

ئەوەندەی من ئاگادارم، ئیبراهیم میرانی جگە لەو وتارەی کە لە ژمارە ٤٠ی گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوی کردووەتەوە، هیچی دیکەی دەربارەی عەلائەدین سەجادی نەنووسیوە. بۆ دڵنیاییش لە ٢٠١٨/٧/١٦ لە فەیسبووکەوە نامەیەکم بۆ ئیبراهیم میرانی نارد و لەو لایەنەوە پرسیارم لێ کرد، بەڵام وەڵامم وەرنەگرتەوە.

(١٦) ئیبراهیم میرانی، مەرگی سەجادی، کاروان (گۆڤار – هەولێر)، ژ٤٠، کانوونی دووەم ١٩٨٦، ل٣.

(١٧) ئازاد عەبدولواحید، بەیادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی – یەوە (١٩٠٧ – ١٩٨٤) کشانی ئەستێرەیەک و هەندێ بیرەوەری تایبەتیم، ڕامان (گۆڤار – هەولێر)، ژ١١٢، ٢٠٠٦/٩/٥، ل٨٦ – ٩٥.

(١٨) ئازاد عەبدولواحید، بەیادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، ڕامان، ژ١١٢، ل٩٤.

(١٩) ئازاد عەبدولواحید، بەیادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، ڕامان، ژ١١٢، ل٩٠، هەروەها بڕوانە: «(دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم – بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٨٩، ل٤٤٧ – ٤٥٣»).

(٢٠) ئازاد عەبدولواحید، بەیادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، ڕامان، ژ١١٢، ل٩٢.

(٢١) لە ٢٠١٩/١/٢٨دا لە فەیسبووکەوە نامەیەکم بۆ عومەر فارووقی نارد و سەبارەت بە دوکتۆر عەزیز فەیزی مزدار پرسیارم لێ کرد. مەبەستەکەم ئەوەبوو کە ئەگەر توانیم پێوەندی پێوە بکەم، پرسیاری لێ بکەم و بزانم جگە لەو نامەیە، نامە و بەڵگەی عەلائەدین سەجادی لا هەیە و چی دەربارەی ژیاننامەکەی دەزانێت. لە ٢٠١٩/١/٣٠دا عومەر فارووقی وەڵامێکی کورتی داومەتەوە و نووسیویەتی دوکتۆر عەزیز فەیزی مزدار لە شاری ویلدباد لە ئەڵمانیا دەژی.

(٢٢) عومەر فارووقی، دوا نامەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، ڕامان (گۆڤار – هەولێر)، ژ٤٨، ٢٠٠٠/٦/٥، ل٣٢٨.

(٢٣) مستەفا نەریمان، پایە و مەقامی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەناو کتێبخانەی کوردیدا، کتێبی «یادی سجادی»، ل٥١.

(٢٤) دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣، مطابع دار آفاق عربية، ل١٨٢ – ١٨٤، هەروەها ل٢٩٠ – ٢٩٢.

(٢٥) دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٩، ل١١٥، ١١٦، ١١٧، ٢١٣، ٢١٤، ٣٠٥، ٣٠٤.

(٢٦) دوکتۆر مارف خەزنەدار، ماتەمنامەی عەلائەدین سەجادی و سانسۆری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ١٩٨٥، ڕامان (گۆڤار – هەولێر)، ژ٤٢، ١٩٩٩/١٢/٥، ل٢٦٢ – ٢٦٤.

(٢٧) دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٥.

(٢٨) ڕۆژنامە بڵاوکراوەیەکە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم لە سلێمانی دەردەکرێت. هەر ژمارەیەکی تایبەتە بە ژیاننامە و نموونەی بەرهەمەکانی کەسایەتییەکی داهێنەری کورد.

(٢٩) بوار نوورەددین، عەلائەدین سەجادی، بیبلیۆگرافیا و پێرستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٣٩-٢٠١٢، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، ٢٠١٣، سلێمانی.

(٣٠) بابا مردوخ روحانی «شیوا»، تاریخ مشاهیر کرد - عرفا، علما، ادبا، شعرا، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٧٩.

(٣١) ڕۆژی ٢٠١٨/٨/٢٢ لە فەیسبووکەوە نامەیەکم بۆ دوکتۆر فاروق نارد و سەبارەت بە کتێبەکەی پرسیارم لێ کرد کە چۆن دانەیەک لە کتێبەکەیم دەست بکەوێت. ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢٩ وەڵامێکی کورتی بۆ نووسیم. پاشتریش چەند جاری دیکە هەر لە فەیسبووکەوە نامەم بۆ نارد و نووسیوم، ئەگەر ئیمکانی دەبێت خودی نامەی دوکتۆراکە، یان کتێبەکەیم بە پێ دێ ئێف بۆ بنێرێت، بەڵام وەڵامی نەبوو. دوا نامەم لە ٢٠١٩/١/٢٠ بۆ ناردووە.

(٣٢) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١، چاپی دووەم، ل٦١٤، هەروەها «(عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، ل٥٥٥ - ٥٥٦»)

(٣٣) فایەق وشیار: یاساناس و نووسەر و نیشتمانپەروەر، ئامادەکردنی: محەمەد نوری تۆفیق و مستەفا ساڵح کەریم، ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٨-٧٥. هەروەها («گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، بەشی یەکەم، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٦، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل٧٩٣٧ - ٧٩٤٦»)

(٣٤) ئیبراهیم ئەحمەد، لە بیرەوەرییەکانم دامەزرانی لقی کۆمەڵەی ژ. ک، گزینگ، گۆڤار- سوید، ژمارە ٣١، پاییزی ٦٩٩١، ل٦٤.

(٣٥) ئیبراهیم ئەحمەد، لە بیرەوەرییەکانم دامەزرانی لقی کۆمەڵەی ژ. ک، گزینگ، گۆڤار- سوید، ژمارە ٣١، پاییزی ٦٩٩١، ل٤٧.

(٣٦) گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، بەشی یەکەم، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٦، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

(٣٧) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١، چاپی دووەم ل٦١٦، هەروەها «(عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، ل٥٥٧»)

(٣٨) غەفوور میرزا کەریم، بەبۆنەی ساڵێک بەسەر کۆچی شاسواری جووڵانەوەی ڕۆشنبیریی کورد - مامۆستا عەلائەدین سجادی دا، ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار - بەغدا)، ژ١٠٨، کانوونی یەکەم ١٩٨٥، ل٢٢١ - ٢٢٦.

(٣٩) سەبارەت بەو ژوورە بچووک و تاریک و نسرم و سەقف نزمە، بڕوانە: ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، ١٩٥٨، ل١٢٠.